**کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان**

# یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان و چەند پرسیارێك لە جەماوەر؟

ئاشکرایە کە کورد دوای راپەڕینە جەماوەرییە مەزنەکەی باشووری کوردستان , کەوتە نێو بارودۆخێکی نوێ و چارەنووسسازەوە. 12 ساڵ لەمەوبەر لە ئەنجامی بەرپابوونی جەنگی کەنداودا, کە بووە هۆی کەمبوونەوە و لاوازبوونی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی سوپای دڕندە و دەوڵەتی داگیرکەر و تالآنکاری عێراق , ئەو دەرفەتە زێڕینە بۆ جەماوەری تێکۆشەر و خۆڕاگری نەتەوەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا هاتە پێشەوە کە بە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی جەماوەریی یەکگرتوو هەموو بوونێکی داگیرکارانە و کۆلۆنیالیستانەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان لە باشووری نیشتماندا پاکتاو بکا و دوژمنان و تاوانباران لە بەعسییە فاشیستەکان و نۆکەرانیان بە سزای ڕەوای خۆیان بگەیەنێ. ئەوە بۆ یەکمجار بوو لە مێژووی کوردایەتیدا کە جەماوەری چەوساوە و ستەمدیدەی ئەو بەشەی نیشتمان , بەبێ پشتیوانی و بوونی هێزی پێشمەرگە لەنێو شارەکاندا, خۆبەخۆ بتوانێت خۆی ڕێکبخات و تەنها بە پشت بەخۆبەستن و هێزوتوانا و وورەی پۆڵایینی خۆی ڕاپەڕێت و بە یەکگرتوویی و بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ , ڕاپەڕینی چەکدارانە بەرپا بکات و بە سەرکەوتوویی بە ئەنجامی بگەیەنێ. هەربۆیە ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە مەزنە, بێوێنەیە لە هەموو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا, ڕاپەڕینێك بوو کە بووە هۆی یەکگرتنی گشت جەماوەری کوردستان و هەستی کوردایەتی و گیانی پشت بەخۆبەستن و خۆڕاگری و کۆڵنەدانی بۆ هەمیشە لە سەرتاسەری کوردستان و لەنێو هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و چین و توێژەکانی کورد دا ژیاندەوە. هەروەها هەر ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە سەرکەوتووە بوو کە ڕێگای هاتنەوە نێو باشووری کوردستان و نێو شارەکانی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو پارت و لایەنە

سیاسییەكانی نێو بەرەی كوردستانی كردەوە و پاش سەركەوتن و تەواوبوونی ڕاپەڕین و هاتنەوە نێو شارەكان, ئەو پارت و لایەنە سیاسی و چەكدارانە كەوتنە بارەگا كردنەوە و كۆنترۆڵكردنی جەماوەر و دەست بەسەرداگرتن و خۆبەخاوەنكردنی هەموو دامودەزگاكان و دەستكەوتەكانی ڕاپەڕین.

ئێمەی هاوبیرانی كوردایەتی , بەم بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییە پیرۆز و پڕشكۆ و پڕ لە شانازییەی نەتەوە ڕاپەڕیوەكەمانەوە, پیرۆزبایی هاوبیرانە و كوردانە لە گشت نەتەوەی كورد و هاونیشتمانییەكی كوردستان دەكەین و سەری ڕێز و ملكەچی بۆ هەموو شەهیدان و گیانپاكان و سەروەرانی ڕێبازی پیرۆزی كوردایەتی دادەنەوێنین و بەڵێنی ئەمەگداری و تێكۆشان و كۆڵنەدان بۆ ڕەوانی پاكی شەهیدانی ئازادیی كورد و سەربەخۆیی كوردستان نوێ دەكەینەوە و ڕێز و سڵاوی بێكۆتاییمان ئاڕاستەی گشت بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان و ئاوارەكراوەكانی كوردستان دەكەین.

ئەمڕۆ كە نەتەوەكەمان یادی پڕشكۆی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە مەزنە دەكاتەوە, باشووری كوردستان بە هەلومەرجێكی زۆر هەستیار و ئاڵۆزی مێژووییدا تێپەڕ دەبێ و ئەو بەشە ڕزگاركراوەی كوردستان, لەلایەن دەوڵەتی توركیای داگیركەر و كەمالیستە فاشیستە تۆرانییەكانەوە كە چاویان كوێر بووە بەو كەمە ئازادی و دەسەڵاتە كوردییەی كە لەو بەشەی نیشتماندا بەدەستهێنراوە, ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەستدرێژی و داگیركردنەوە بووەتەوە. هەربۆیە داوا لە هەموو جەماوەری ئابڕوومەند و تێكۆشەر و دڵسۆزی كوردستان و هەموو كوردێكی كوردپەروەر و بەئەمەگ دەكەین لە كوردستان و هەموو شوێنێكی دیكەی جیهاندا كە هەموو پێكڕا بە یەك ڕیز و یەك دەنگ و ڕەنگ و یەك بیروبڕواوە, بەرامبەر بە هەر هەڕەشە و پیلانێكی دوژمنكارانە و داگیركارانەی دەوڵەتە تێرۆریستە ناوبانگ زڕاوەكەی توركیا بوەستینەوە, ئێستا كاتی ئەوەیە كە دەبێ ئێمەی كورد لە تورك و توركیای بگەیەنین كە كورد هەرگیز لە هەڕەشە و پەلامار و هەوڵی دەستدرێژكارانەی هیچ دەوڵەت و لایەك نەترساوە و ناترسێت و ئێستا كورد لە كوردستان و سەرتاسەری جیهاندا هۆشیار و ئامادە و یەكگرتووە و هەموو بە هەست و هۆشی بەرز و پیرۆزی كوردایەتی و ئازادیخوازییەوە ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگریكردن و خۆبەختكردنین لەپێناوی مانەوە و پاراستنی ئەو ئەزموون و

دەسەلاتداریێتییە کوردییەی باشووری نیشتمان و خاکی پیرۆزی کوردستان. ئێمەی کورد خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە تێکۆشانی سەخت و شەڕوشۆڕی بەرگری لەخۆکردن و مانەوەمانین لەسەر خاکی نیشتمانی مێژووکرد و سروشتیی خۆمان و هیچ هێزیك نەیتوانیوە و ناتوانێت لەناومان ببات. دەبێ هەموو دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بەو خەون و خەیاڵە پووچ و خاوەیانەوە سەربنێنەوە. ئێمە دڵنیاین و بڕوامان بەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە هەیە کە نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان بۆ هەتا هەتایە هەر بە خۆڕاگری و سەربڵندی دەمێنێتەوە و هەموو هەر بەردەوام دەبین لەخۆبەختکردن و خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی تا گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی تەواو و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان ,ئەمڕۆ (ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان ) بووەتە ئامانج و دروشم و هیوا و ئاواتی ژیانی هەموو کورد و کوردستانییەك.

لێرەدا سەبارەت بە یادی ڕاپەڕین دەڵێین , هەرچی زۆرتر لەسەر ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە مەزنەی باشووری کوردستان بنووسرێت و بگوترێت هێشتا هەر کەمە و دەبێ بۆ هەمیشە یادی پیرۆز و پڕشانازیی لە دڵ و گیانماندا بپارێزین و ئەو ڕاپەڕینە مەزنە وەك لاپەڕەیەکی زێڕین و پڕشنگدار لە مێژووی کورد و کوردستاندا هەردەم بە سەربڵندی و زیندوویییەتی دەمێنێتەوە.

ئێمە بەم چەند ووشەیە تەنها مەبەستمانە پیرۆزبایی لە خۆمان و هەموو نەتەوەی کورد و دانیشتوانی کوردستان بکەین و یادی پیرۆز و پڕشکۆی ئەو راپەڕینە جەماوەرییە مەزن و مێژوویییەی بەشێکی نیشتمانەکەمان بکەینەوە و بەرز و بەرزتر بینرخێنین.

هەروەها بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانین کە چەند پرسیارێکی گرنگ و پێویستیش ئاڕاستەی هەموو جەماوەری ڕاپەڕیوو و تێکۆشەری کوردستان بکەین:

ئاشکرایە ئەوە 12 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ئەو ڕاپەڕینە مێژوویییەی جەماوەردا, لە ماوەی ئەم ساڵانەدا باشووری کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە گەلێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئێمە لەم دەرفەتەدا, بەوپەڕی دڵسۆزی و پەرۆشیمانەوە بۆ بەردەوامی و پاراستنی ئەزموونی دەسەڵاتداریێتییە کوردییەی باشووری کوردستان ( بە هەموو ناپەسەندی و کەموکوڕییە زۆرەکانیشییەوە ) , ئێمە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد و ئاساییشی

نەتەوەیی کورد و کوردستانەوە, لە هەموو جەماوەری ڕاپەڕیوو و خاوەنی ڕاستینەی ڕاپەڕین, دەپرسین :

– ئایا ڕاپەڕین و ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشان و دڵسۆزی وخۆبەختکردن و ماڵوێرانییە لە پێناوی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەدا بۆ ئەوە بوو کە کۆمەڵێ لایەن و کەسانی دەرەوە و دوور لە ڕاپەڕینەکە ببنە خاوەنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و خۆیان و ماڵ و منداڵیان ببنە میلیۆنەر و بکەونە نێو ژیانی پڕ لە ڕابواردن و خێر و خۆشییەوە و زۆرینەی جەماوەریش لەوپەڕی هەژاری و برسێتی و بێ خانە و لانەییدا ژیان بە کولەمەرگی و ڕەزالەت و نەبوونی و زەبوونی بگوزەرێنن؟.

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان بکرێتە مەڵبەند و لانەی دامودەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان, لە میتی تورکیا و ئیتلاعاتی ئێران و موخابەراتەکانی هەردوو بەعسی عێراق و سوریا ؟.

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە چەند کۆڕ و کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە کەسانی کۆنە بەعسی و بێ ڕابردوو بێ ناونیشان و دوژمن بە کورد و داردەستی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا, لە کەمالیست و تۆرانییە فاشیستەکان , تا مۆڵگە و بارەگایان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەموو شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بۆ بکرێتەوە و کۆمەك و پشتیوانی بکرێن و بکرێنە کەڵەگا بەسەر هەموو جەماوەرەوە تا باشتر بتوانن جاسووسی و سیخوڕیی بۆ دەوڵەتی تورکیای تێرۆریست و داگیرکەر و تاڵانکەری گەورەترین بەشی کوردستان بکەن؟ . – ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە چەند دەستە و گرووپێکی تێروریست و خوانەناس و دواکوتوو و دژ بە هەموو پێشکەوتنێکی مرۆڤانەی کۆمەڵگا, بە ناوی خوا و و دین و ئایینەوە, یاسای ڕەشی سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر کومەڵگای کوردستاندا بسەپێنن و یاسا و ڕژێمی جەهالەت و تاریکستانی تێرۆریستانەی تایبەت بە خۆیان بەسەر ناوچەکانی شارەزوور و هەوراماندا ئەزموون بکەن و ژیان و پێشکەوتن و ئاسوودەیی و ئازادی لە جەماوەری هەژار و ستەمدیدەی دانیشتووی ئەو دەڤەرە یاساخ بکەن و بێبەرییان بکەن لە هەموو خۆشییەکی ژیان؟ .

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە کۆنە سەرجاشەکان و موستەشارەکان وئەنفالچییەکانی سەردەمی ڕەشی بەعس بکرێنەوە بە سەرلەشکر و بەرپرسیاری سیاسی و سەربازی و ئەندامی

پەرلەمانی کوردستان؟.

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە کەسوکاری شەهیدە گیانپاك و سەروەرەکانی نەتەوەکەمان و هەژارانی کوردستان لە ناخۆشترین بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیدا بە ریسوایی و کولەمەرگی ژیان و تەمەنیان بەسەر بەرن؟ .

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە منالانی هەژارانی کوردستان, منالانی ڕەشوڕووت و دەربەدەرکراو و ئاوارە و پاشماوەکانی ئەنفال و تەعریب ,لەبری دڵدانەوە و پەروەردەکردن و بەختەوەرکردنیان , ناچاربن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و مانەوەیان, وێڵ و سەرگەردان ببنە بۆیاخچی و دەستگێڕی نێو کوچە و کۆڵانانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و لە دژوارترین و ناخۆشترین هەلومەرجی دۆزەخاویدا بە ملکەچی و دەروونشکاوی تەمەنی پڕ لە هەست و سۆز و ناسکی ژیانی مندالانەیان بەسەربەرن و دووچاری چەندین دەرد و نەخۆشی و کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی ببن؟ .

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە لەژێر سایەی ئەو دوو دەسەڵاتە کوردییە دژ بە یەکەدا بە هەزاران ژن و کچی بێتاوانی کورد ئەتك و تێرۆربکرێن و ببنە قوربانیی یاسای جەنگەڵ و بیرکردنەوەی تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاست؟.

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە ئەندامانی سەرکردایەتیی سیایی و سەربازیی لایەنە سیاسی و چەکدارەکانی باشووری کوردستان هەموو ببنە میلیۆنەر و سەرمایەداری گەورە و خاوەنی چەندین پاسپۆرتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و ئەوروپا و ئەمەریکا و هتد ... تا لەکاتی لێقەوماندا بە خۆیان و ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانیانەوە کوردستان و میللەت بەجێبهێڵنەوە و بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوون و قوربانییەکانتان بەتالان بەرن و وەکوو پاشا ژیان بگوزەرێنن؟ .

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو تا پارتی و یەکێتی لەپێناوی کورسی و دەسەڵات و داهاتی گومرگی کوردستاندا بە هەزاران لاوی تێکۆشەر و دڵسۆزی کورد و کوردستان بکەنە سەرگەردان و سووتەمەنیی بەرژەوەندییە ناڕەوا سیاسی و تاکەکەسی و بنەماڵەییەکانی خۆیان و ئاژاوەی نەتەوەیی و دوژمنایەتیی بەربڵاو لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و کوردستاندا دروست بکەن , نێوی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەیشی لەنێو جیهاندا

بزرێنن و کورد بە شەڕانی و خۆخۆر بە میللەتانی دیکە بناسێنن؟.

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە ئەو دوو زلهێزەی باشووری کوردستان و دەستکەلا و پارتۆکە و حیزبۆکە ملکەچ و کاسەلێسەکانی کلکیان, بە میدیای ژەهراوی و ڕاگەیاندنەکانیان , گیان و هەست و سۆزی کوردایەتی و کوردستانێتی لەنێو ئەندامان و دۆست و لایەنگرانی سەرگەردانکراویاندا بکوژن و لەبری ئەوە ژەهر و تۆوی عێراقچێتی و داگیرکەرچێتی و هەستی پەستی خۆبەکەمزانینیان تێدا بڵاوبکەنەوە و تا باشتر و ئاسانتر بتوانن جوگرافیای سروشتیی کوردستان و مێژوو و فەرهەنگی ڕەسەن و پڕ لە شانازی و تێکۆشانی کوردەواری بشێوێنن؟.

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو کە بە پارتایەتی و سیایەتچێتی کەلێنی گەورە بخەنە نێو جەماوەری کوردستان و ڕیزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە,لێرەدا ئاماژە بەو دیاردە ناسروشتییە دەکەین کە تەنها لە باشووری کوردستاندا زۆرتر لە پەنجا حیزبۆکە و پارتۆکەی کارتۆنیان لە کەسانی ملکەچ و ڕابردوو خراپ و بێ ڕەگوڕیشە دروست کردوە و سیاسەتچێتی و حیزبایەتی بووەتە سەرچاوەی خۆژیاندن و تالآنی و ڕاووڕووت بۆیان,ئێمە دەپرسین و دەڵێین : ئایا باشتر نەبوو نیو هێندەی ژمارەی ئەو پارتە کارتۆنیانە , سوپەرمارکتی خزمەتگوزاری لە شارەکانی کوردستاندا دروست بکرانایە؟. سەیروسەمەرە لەوەدایە کە ئەم پاشاگەردانییەشیان ناوناوە ( ئازادی و دیموکراسی) ؟ .

– ئایا ڕاپەڕین بۆ ئەوە بوو تا ئەو لایەنە ناکورد و نا کوردستانی و نابەرپرسیارانە بەبەر چاوی هەموو خەڵکی باشووری کوردستانەوە ڕاوی ئەندامان و کادران و سەرکردەکانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن و لەشکرکێشیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی عێراق و تورکیا و ئێران لە باشووری کوردستاندا بکەنە کار و کردەوەیەکی ئاسایی و هەرکەسێکیش ڕەخنە بگرێت , ئەوا دەستی تێرۆری ئەوان درێژە بۆ سەر ماڵ و گیانی ... ئایا باشتر نەبوو و سەربڵندی و شانازی ئەوە نەبوو لەبری لەشکرکێشیی سوپای ئەنفالچیی کوردستان بۆ سەر شاری هەولێر و بۆ شکاندی لوتی لایەنی نەیار, لەبری ئەو 40000 هەزار سەربازە ئەنفالچییە و ئەو 200 تانکە , 40000 نەمامتان لە هەولێردا بڕواندایە و دیمەن و ژینگەی شارەکەتان پێ جوانتر و تەندروستانەتر بکردایە و 200 خانووتان بو ئاوارە و خێزانی ئەنفالەکراوەکان دروست بکردایە, یان لەبری هێنانی 5000

هەزار لە پاسدارانی لەشکری ڕەش و دڕندەی جمهوریی ئیسلامیی ئێران بۆسەر هێزەکانی پارت و لایەنە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا شارۆچکەی (کۆیە), 5000 چەپکە گوڵتان پێشکەش بنەماڵەی شەهیدان بکردایە, کامەیان مایەی شانازی بوو؟.
ئەی جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆز و ستەمدیدەی کورد , ئێمە ئەم چەند پرسیارەمان لەڕووی دڵسۆزی و بەپەرۆشیمانەوە بۆ ژیان و چارەنووس و بەرژەوەندییە ڕەواکانی ئێوە کردووە, داواشتان لێدەکەین کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دۆست و دوژمنی ڕاستینەی خۆتان باشتر بناسن و ڕیزەکانی خۆتان یەکگرتووتر و بەهێزتر بکەن بەرامبەر بە هەموو دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرانیان , تەنها هەر ئێوە خاوەنی ڕاستینەی شۆڕش و ڕاپەڕین و کوردایەتین. ڕێگا مەدەن چیتر سیاسەتچییەکان گاڵتە و گەمەی سیاسیی بە ژیان و بە چارەنووستانەوە بکەن. ئەمڕۆ ڕۆژی هۆشیاربوونەوە و یەکگرتن و ڕاپەڕین و کوردایەتییە.

**سەربەرزی و نەمری بۆ هەموو شەهیدانی ڕاپەڕین و ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.**

**هەر بژی یادی پیرۆز و پڕشکۆی ڕاپەڕینە جەماوەرییە مەزنەکەی باشووری کوردستان.**

**یەکگرتوو سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان.**

**هەر شەکاوە بێ ئاڵای سووری کوردایەتی.**

# پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )

07.03.2003

**http://www.PASOK.org**